# ڕەخنەیەك لە كاریكاتۆری ڕێكخراو دروستكردن

كەژاڵ حەمە ڕەشید
kazhalh@yahoo.com

بەهۆی گرنگی و حەساسی بایەخی تایبەتی مەسەلەی ژنانەوە لە كوردستاندا ئەحزاب و بزووتنەوە سیاسیەكان گرنگیەكی تایبەتیان داوە پێی، بەم پێیە یەكێك لە پرۆژە گرنگ و بایەخدارەكانی هەریەك لە ئەحزابی مەوجوود لە كوردستاندا كاركردنە لە پەیوەند بە مەسەلەی ژنانەوە، لەم بارەیەوە یەكێك لە ڕێكخراوو پرۆژەگرنگەكانی هەریەك لەو حیزبانە ڕێكخراوێكی ژنانە . تازەترین حیزب هەر لە سەرەتای دامەزراندن و دەست بەكاربوونیەوە یەكێك لە مەیدانەكانی كاری سیاسیان مەسەلەی ژنان دەبێت و پێكهێنانی ڕێكخراوێكی ژنان دەبێت ئەمە ئەگەر بە هەر قیمەتێك و بە هەر شێوەیەك كە دەست بدات. (حككچع) حیزبی كۆمۆنستی كرێكاری چەپی عێراق لەم ماوەیەدا هەر بەچەند مانگێگ دوای جیابوونەوەی لە (حككع) حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و ڕاگەیاندنی حیزبی تازە ڕێكخراوێكی ژنانیان ڕاگەیاند بەناووی (یەكگرتووی ڕزگاری ژن لە عێراق) !!!. لە ڕاستیدا ئینسان نازانێ بلێ چ مەسئوولەتێك لە پشت ئەم ڕێكخراوەوە دەبینم لە كاتێكدا كە لە باری عەمەلیەوە ماتریالێك لە هەلسوراوانی ئەو مەیدانە شك نابرێت تا بلێین ئەمانە سەروسامان دەدەن بەرێكخراوەكەو جلەوی كارەكانی دەگرنە دەست یان لانی كەم هەیكەلی ڕێكخراوەكە پێكدەهێنن و لە هەولدا دەبن پەرەی پێبدەن، لەباری سیاسی و مەعنەویشەوە ئەو ڕێكخراوەیە كە پێشنیاری (حككچع)ە و پرۆژەیەكی ئەوە ئیلهام لە هەمان تیئۆری كۆمۆنیزمی كرێكاری وەردەگرێت و سەر بەهەمان جەرەیانە، ئەو جەرەیانەش لە تەجروبەی زیاتر لە 10 سالی كاركردنی لەگەل ڕێكخراوە جەماوەریەكاندا لە كوردستان شكستی هێناوە، بەو پێیە ڕێكخراوی یەكگرتووی ئازادی ژن لە عێراق ناتوانێ بێبەش بێت لەو جۆرە لە تەسكبینی و حاشیەیی بوون و سكتاریزمەی ئەو مەیل و گرایشە سیاسیە هەیەتی.

بەداخەوە ئەو بەرێزانەی كە خەریكی ئەم كارەن لە جیاتی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شكستەكانی حككع پاش جیابوونەوەیان و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەكانی حككع كەچی بە هەمان سیاسەتەوە خەریكی كاركردنەوەن بەتایبەتی لە مەیدانی كاری ڕێكخراوەیی و جەماوەریەدا.

لە ئارادا بوونی ڕێكخراوەكانی ژنان گرنگی هەیەو خالێكی ئیجابی بزووتنەوەی ژنانە بە هەموو بالەكانیەوەن من پێم خۆشە چەندین ڕێكخراوی ژنان لە كوردستان هەبن بە مەرجێك كارێكی ئیجابی لەو پەیوەندەدا بەرنە پێش، بەلام ئەوە جێگای نیگەرانیە كە ئەو بەرێزانەی حككچع كە سالانێك كارو هەلسوران و تەجربەو شكستیان هەیە لە كاری جەماوەری و ڕێكخراوەییدا ئێستا دێن بەم شێوەیە ڕێكخراوەیەكی بێ پایەو بنەما ڕادەگەیەنن. ئەگەر (ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) پشتی بە لە مەیداندا بوونی تەیفێكی بەرین لە ژنانی هەلسوراوو كۆمۆنیست بەستبوو كەبە تەجروبەیانەوە لە بزووتنەوەی شوورایی ئازاری

1991وه هاتبوونه پای کارکردن و له شووراکانی 1991دا دەیان داواکاری رادیکال و یەکسانی خوازانەیان هێنایه دەرو پرۆژەی مافه مەدەنی و سەرەتاییەکانی ژنانیان هەر ئەوکاته هێنایه ئاراوەو بەشێك بوو له بەرنامەی شووراکان لەو جدیەت و گەرم و گورییەی ئەو دەورانەدا (ر، س،ئا) پێکهات و سەروسیمای دا بەرێکخراوەکەو دواتریش بوه خاوەنی کۆرو کۆبوونەوەو سمینارات و بلاوکراوەو تائاستێك له نفووزی کۆمەلایەتی ،،،ئەم رێکخراوەیه بەم ئامادەیی و له خۆبردووی ئەندامان و کەوادریەوه بوه قوربانی عەقلیەتی خۆپەرستی و حاشیەیی و سکتاریستی کۆمۆنیزمی کرێکاری و له ئێستاشدا پاشماوەی ئەو رێکخراوو بزووتنەوەیه به ناوی (رێکخراوی ئازادی ژن)ەوه تەنها ئۆرگانێکی حیزبی حککع ەو وەك سەرچاوەیەکی دارایی و پەیداکردنی کۆمەکی مالی ئەو حیزبه سەیر دەکرێت.

ئەمانەو لەلایەکی ترەوه هەلسووراوانی واقی رێکخراوێك و بزووتنەوەیەك له کوردستان یان له عێراق له راستیدا ئەوانەن که له کوردستاندا یان له عێراق لەگەل کێشمەکێش و رووداوەکاندا دەستەو یەخەن نەك کەسێك لەکیشوەرێکی ترەوه بلێ من رابەرو هەلسوراوی فلانه رێکخراوو بزووتنەوەم.

بەرای من ئەم جۆره له رێکخراو جێگای ئومێدی ژنان و خەلك نیەو رێکخراوێکی سەرکەوتوو نابێت، بەلێ مەیلی سۆسیالیستی شیاوترین خەتی شۆرشگێری بزووتنەوەی ژنانه بەلام بەبروای من ئەو رێکخراوانه تا له فەلەکی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا دەرنەچن له خۆ پەرستی و مەحفەلگەرایی رزگاری نابێت و نابێته بەشێك له بزووتنەوەی واقعی ژنان، چونکه تەجروبه نیشانی دا که مەیلی سۆسیالستی شتێکەو کۆمۆنیزمی کرێکاریش شتێکی تر.
لەگەل رێزمدا بۆ کەسانێك که به دلسۆزیەوه کاردەکەن لەم رێکخراوانەدا و چاوی ئومێدیان بریوەته ئەو جۆره له سیاسەت، بەلام هاوریان دلسۆزی موجەرەد تەنها بەس نیه له خەباتدا ئەبێ بشزانین دلسۆزی چ سیاسەتێکین و بەرەو کۆێمان دەبات.

2005\4\3